# ڕۆڵی سیاسی و ئابووری تورگوت ئۆزال لە مێژووی هاوچەرخی تورکیادا

**ئامانج حسن أحمد**

بەشی مێژوو،کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختەی توێژینەوەکە**

یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی، خستنە ڕووی لایەنە شاراوەکانی ئەو بابەتەیە کە توێژینەوەکەی لەسەر ئەنجام دەدرێت ، لەو سۆنگەیەشەوە هەوڵماندا‌وە لە دوتوێی کارێکی زانستیدا و بە پشت بەوستن بە سەرچاوە هەمەجۆرە زانستی و باوەڕپێکراوەکان تیشك بخەینەسەر ژیان و کەسێتی و وێستگە جیاوازەکانی تورگوت ئۆزال ، لەو بارەیەشەوە لە سێ تەوەرەی سەرەکیدا قۆناغەکانی ژیانی ئەم کەسایەتییەمان خستۆتە روو، کە تارادەیەکی زۆر توانیویێتی وەك کەسێکی بەهێز و خاوەن ئیرادە بناغەیەکی پتەو بۆ ژیانی خۆی بەرجەستەبکات، پاشان ئەم توێژینەوەیە لە سێ تەوەرەی دیکەدا قۆناغەکانی تری ئۆزال دەخاتەروو بەتایبەتی لە پۆستە باڵاکانی دەسەڵات و حکومەتی تورکیادا ، جگەلەوەش هەموو ئەو هەوڵانە ئاماژەیان پێکراوە کە ئۆزال بە مەبەستی پەرەپێدانی ئابووری و سیاسی تورکیا گرتونیەتەبەر، هاوکات لە دوو تەوەرەی کۆتایی توێژینەوەکەدا فۆکەس خراوەتە سەر پرسی کورد و هەڵوێستی ئۆزال لەو بارەیەوە ، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی تورکیا لە سەردەمی دەسەڵاتی ئۆزالدا جێگەی بایەخی توێژینەوەکەمان بووە، بەتایبەتیش پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا لەگەڵ هەریەکە لە ئێراق و ئێران و سوریا و ئامریکا ، بایەخی سەرەکیان پێدراوە .

## پێشەکی

ئەزموونی فەرمانرەوایی وڵاتان، ئەو راستیەیان سەلماندووە کە سەرکردە ڕۆلی کاریگەر و بەرچاو دەبینێت لە سەر لایەنە جۆربەجۆرەکانی ( سیاسی، ئابوری، سەربازی ....) و لە توانایدایە کە رووداوە مێژووییەکان بە ئاراستەی چاک و خۆشگوزەرانی یاخود خراپ و ئاشووب ومال وێرانی بەرێت .

سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو لەناو کۆماری تورکیای نوێدا کەسێکی تەکنۆکراتی وەک( تورگۆت ئۆزال) پۆستی باڵای حکومەتی تورکیای وەرگرت، کە توانی گەورەترین گۆرانکاری هەمە لایەنەی سیاسی و ئابوری لە تورکیادا بێنێتەکایەوەو بە سەرنج و تێبینیەکانی ئابوری تورکیای بە ئاراستەیەکی پرشنگداردا برد، لەسەر ئاستی سیاسیش جگە لەوەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی تورکیای لەسەر ئاستی رۆژهەڵات و رۆژئاوا پەرەپێداوە، لە هەمانکاتدا هەلوێستێکی دۆستانەو تارادەیەک گونجاوی بەرامبەر بە پرسی نەتەوەیی کورد هەبوو، لەگەل هەموو ئەمانەشدا لە تێروانینی کۆمەلگای تورکیدا، ئۆزال بە دووەم دامەزرێنەری دەوڵەتی تورکیا ئەژمار دەکرێت .هەموو ئەم هۆکارانەش هاندەرمان بوون، تاکو لیکۆلینەوەکەمان بۆ تورگۆت ئۆزال تەرخان بکەین .

لە رووی میتۆدکاری توێژینەوەکەوە، هەوڵماندا‌وە لەسەر بنەمای کۆڵینەوەی زانستی مێژوویی و رێبازی وەسفی شیکارییەوە توێژینەوەکەمان ئەنجام بدەین و چەندیش لە توانادابوبێت، هەوڵمانداوە بێلایەنانەو زانستیانە مامەڵە لەگەل سەرچاوە بەکارهاتووەکاندا بکریت. . ماوەتەوە بلین هیچ کاریک بە بێ کەم و کورتی نابێت، کە بێگومان ئەم کارەی ئێمەش لە کەم و کورتی بەدەرنییە .

پێکهاتەی لیکۆلینەوەکەمان دابەش کردووە بۆ سێ بەش و هەریەکە لەوانەش بۆ چەند باسێک، بەشی یەکەم تەرخان کراوە بۆ ژیاننامەی ئۆزال و لە سێ تەوەرەدا باسمان لە قۆناغەکانی خوێندن و کەسایەتی و کۆتایی ژیانی کردووە، بەشی دووەمی لیکۆلینەوەکە بۆ ژیانی سیاسی و ئابوری تورگوت ئۆزال تەرخان کراوە و لە دوو تەوەرەدا ئاماژەمان پێکردووە، بەشی سێیەمی لیکۆلینەوەکەشمان خۆی لە دوو تەوەرەدا دەبینێتەوە، تەوەرەی یەکەم بۆ هەڵوێستی ئۆزال تەرخانکراوە بەرامبەر بە کورد و تیایدا هێندەی لە توانادا بووبێت سیاسەتی دۆستانەی ئەومان لە بارەی کوردەوە خستووەتە ڕوو، تەوەرەی دووەم لەم بەشەدا تەرخان کراوە بۆ پەیوەندییە دەرەکییەکانی تورکیا لە سەردەمی حوکمڕانی ئۆزالدا و پەیوەندی خودی ئۆزال بە ئەمریکاو گەشەسەندنی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو ئەمریکا لە سەردەمی ئۆزالدا خراوەتە ڕوو.

## 1: ژیاننانەی تۆرگۆت ئۆزال

### 1:1: پلەکانی خوێندن و پۆستە کارگێڕییەکانی :-

تۆرگۆت ئۆزال، ناوی تەواوی( خەلیل تورگوت محەمەد سدیق ئۆزال )ە، لە 13ی تشرینی یەکەمی 1927 لە شاری مەڵاتیە لە خێزانێکی کوردی چینی مام ناوەند لە دایک بووە، باوکی کارمەندی بانکی مەرکەزی کشتوکالی بووە و دایکیشی بە پیشەی مامۆستای سەرەتاییەوە خەریک بووەو بەکەسێکی خاوەن ئیرادەو خاوەن پایە ناسراوە(علی,ئارام,2010،ل45 ) .

ئۆزال وەک خوێندکارێکی سەرکەوتوو قۆناغەکانی خوێندنی زۆر بە سەرکەوتوانە بریوە، خوێندنی سەرەتایی لە مێرسین و ناوەندی لە ماردین و دوا

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 4، العدد 3(2018) ؛ عدد الصفحات (7)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v4n3y2018.pp26-35

أُستلم البحث في 22 حزيران 2018؛ قُبل في 13 تموز 2018

ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 20 اب 2018

البريد الإلكتروني للمؤلف :amanj.ahmed@univsul.edu.iq

حقوق الطبع والنشر ©2018 ئامانج حسن أحمد. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

ناوەندیشی لە خوێندنگەکانی شاری(قەیسەری )تەواو کردووە، پاشان بۆ خوێندنی زانکۆ سەردانی شاری(ئەستەنبول)ی کردووەو لە ساڵی (1950 ) بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە کۆلێژی ئەندازیاری کارەبا لە زانکۆی ئەستەنبول بەدەستهێناوەو لە نێوان ساڵانی 1950-1952 وەک کارمەندی حکومی لە بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدانانی وەزەی کارەبا کاری کردووە و پاشان بۆ زیاتر شارەزابوونی لە کارەکەی خۆیدا، بۆ خولی ڕاهێنان سەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای کردووەو پاش ساڵێکیش گەڕاوەتەوە سەر هەمان کارەکەی خۆی(محمد ,قبس ناطق و البياتي ,هدى هادى احمد مصطفى,٢٠١٥، ل٥٠٥ ). پاشان لە ساڵی 1954دا بۆ جاری دووەم لەگەڵ ( سەمرا ئۆزال )دا هاوسەرگیری ئەنجامداوە، ساڵی 1961 خزمەتی سەربازی تەواو کردووەو دواتر چەند پۆستێکی باڵای لە بواری پلاندانان و کارگێڕیدا بەدەست هێناوە، لە لایەکی دیکەشەوە وەک(وانەبێژ ) لە زانکۆی تەکنیکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست) وانەی وتووەتەوە، هاوکات ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەبووە لە بونیادنانی( بەنداوی ئاوو بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا )دا کە بە یەکێک لە پڕۆژە گرنگ و سەرەکییەکان ئەژماردەکرێت، بە هۆی شارەزایی لە پسپۆڕییەکەی خۆیدا لە ساڵی 1966 بووەتە ڕاوێژکاری تایبەتی سەرۆکایەتی حکومەت لە بواری تەکنیکیداو ساڵی دواتر وەک ڕاوێژکاری(دەزگای پلاندانانی دەوڵەت) دەستنیشانکراوە(نوالدين ,محمد,1997,ل51 ).

لە ساڵی 1971-1973 لە بانکی نێودەوڵەتی دامەزراوەو بەهۆی شارەزایی بێهاوتای لە بواری ئابوریدا تا ساڵی 1979 سەرۆکایەتی چەندین ئەنجومەنی کارگێری کۆمپانیا تورکییەکانی کردووە .هەر لەساڵی 1979دا چەندین پۆستی حکومی گرنگ و هەستیاری وەرگرتووە کە ڕاستەوخۆ بووەتە پاڵنەرێکی بەهێز لە کاری سیاسی و کارگێری ئۆزالدا، ئەوەبوو لەو ساڵەدا پۆستی( جێگری سەرۆک وەزیران )ی لە حکومەتەکەی(سلیمان دەمیرئەل )دا وەرگرتووە و تا کودەتای 12ی ئەیلولی 1980 لەو پۆستەدا ماوەتەوە، دوابەدوای ئەوەش سەرکردایەتی کودەتاکە، تورگوت ئۆزال وەک وەزیری دەرەوەو جێگری سەرۆکی وەزیران هەڵدەبژێرن، شان بەشانی ئەوەش تاکو تەموزی ساڵی 1982 بەرپرسیارێتی دۆسیەی ئابووری تورکیای پێ بەخشراوە(جاسم ,افراح ناشر,2007,ل4) .

## 2:1 کەسایەتی ئۆزال

تورگوت ئۆزال، کەسێکی ڕوخۆش و سادەو ساکار بووە و بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدابووە کە زەمینە بۆ بەدیهێنانی ئاشتی و ئاسایش بڕەخسێنێت، دوای دانانی نەخشەو پلانی گونجاو, بە پەرۆشەوە کاری بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرسانە کردووە کە خۆی باوەڕی پێی هەبووە، ئەگەر چی بە کەسێکی زیرەک و ئازاو چاونەترس و دیپلۆمات ناسراوە، بەڵام لەکاتی بڕیارداندا تارادەیەک دوودڵی پێوە دیار بووە . هەندێک لە کەسە نزیکەکانی ئۆزال ئاماژە بەوە دەکەن کە پێش ئەوەی بڕیار لەسەر بابەتێکی هەستیار بدات، هەوڵیداوە زۆر بە وردی دراسەی ئەو بابەتە بکات ئینجا دوابڕیاری لەسەرداوە (فرج,ئارام علی,2010,ل45 )، ئەمەش یەکێکە لە مەرجەکانی کەسانی کاربەدەست و فەرمانڕەوای سەرکەوتوو کە تارادەیەکی زۆر یارمەتیدەری دەبێت لە سەرکەوتنەکانیدا .

ئۆزال کەسێکی لێبوردە بووەو پێی وابووە کە هیچ کات هەڵە بە هەڵە چارەسەر ناکرێت، ئەم هەڵوێستەشی لەو ڕوداوەدا بەئاشکرا دەردەکەوێت کە لە ساڵی 1988دا هەوڵی تیرۆرکردنی درا و لە لایەن دادگای باڵاوە بڕیاری لە سێدارەدان بۆ کەسی تاوانبار دەرچوو، بەڵام ئۆزال بەو پەڕی لێبوردەییەوە لەوکەس و لایەنانە خۆش بوو، کە لەو هەوڵە تیرۆرستییەوە گلابوون( TurgutÖzal Facts: (2010،biography ) .

بەو پێیەی کە لە بنەماڵەیەکی سۆفیگەری ناسراوی سەر بە تەریقەتی نەقشەبەندی بووەو لە ژێر کاریگەری بیروڕاکانی(زید قوتقو)بووە(موراد,خەلیل عەلی,2015، ل254 )، تا ڕادەیەکی زۆر باوەڕی بە ئاینی ئیسلام هەبووە، تەنانەت دایکی و خوشکەکانی باڵاپۆش و ئیماندار بوون، ئەمەش ڕەنگدانەوەیەکی قوڵی لەسەر ئۆزال هەبووەو تارادەیەکی زۆر پابەندی بنەماسەرەکییەکانی ئاینی ئیسلام بووەو لە ژیانیدا سێ جار حەجی کردووە(تشبینار,عمر, 2008,ل12)، لە ماوەی حکومڕانی خۆیدا نەرمییەکی زۆری بەرامبەر بە چالاکی ئیسلامی نواندووە، بەڵام لە هەمانکاتدا زۆر بە هەستیارانە مامەڵەی لەگەڵ گروپ و ڕێکخراوە ئیسلامییەکاندا کردووە، ئەم جۆرە مامەڵەکردنەش وایکردووە کە بتوانێت بۆ ماوەی دە ساڵ لە هەردوو پۆستی سەرۆک وەزیران و سەرۆک کۆماردا بمێنێتەوە بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە ڕووبەڕووبونەوە و کێشەیەکی لەگەڵ سوپادا بۆ دروست ببێت(علی,ئارام,2010,ل50-51 ).

### 3:2:1 کۆتایی ژیانی :-

ئەگەرچی تورگوت ئۆزال کەسێکی بەڕەچەڵەک ناتورک و لەهەمان کاتدا مەدەنی بوو، بەڵام لە ژیانیدا زنجیرەیەک پۆستی گرنگ و هەستیاری حکومی و سیاسی وەرگرتووە، بەتایبەتی دووجار پۆستی سەرۆکی حکومەت و جارێکیش پۆستی سەرۆک کۆماری وەرگرتووە، هەربۆیە ئاساییە کە لە دۆخێکی وەهادا لە نێو سوپاو ژیانی سیاسیدا تا ڕادەیەک دوژمنەکانی لە دۆستەکانی زیاتربن. ئەوەبوو لەکاتێکدا ئۆزال هەموو هەوڵەکانی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد بە ڕێگەچارەی ئاشتیانە خستبوە گەڕ، لە ڕووداوێکی تەمومژاوی و نادیاردا لە 1993/4/17 دا بە نەخۆشی دڵ کۆچی دوایی کرد و لەنزیک گۆڕی عەدنان مەندەریس لە ئەستەنبول بەخاک سپێردرا(فندی, رشید, 2013 ).

لە ڕاستیدا گیان لەدەستدانی ئۆزال لەلایەن هەندێک لە کەسە نزیکەکانی ئۆزالەوە جێگەی گومان و هەڵوەستەکردنە، لەو بارەیەوە( سمرا اوزال )ی خێزانی ئۆزال لە میانەی بەشداربوونی لە ئاهەنگی سەفارەتی بولگاریا ڕایگەیاند کە:"وایپێدەچێت کە هاوسەرەکەم بە ماددەی زەرنیخ دەرمانخوارد کرابێت"، هاوکات ئەم بەدگومانییە لە لایەن کوڕو نەوەکانیشیەوە پشتڕاستکراوەتەوەو بۆ ئەو مەبەستەش کاڵایان تۆمارکردووەو داواکاری گشتیش لە هەوڵی لێکۆڵینەوەی ئەو دۆسیەدایە(اوغوز,محمد,2010,ل2 ). بەڵام تاکو ئێستا لەڕووی یاساییەوە هیچ ئەنجامێکی بە ئاڕاستەی یەکلاییکردنەوەی کەیسەکەوە لێنەکەوتۆتەوە .

## 2: ژیانی سیاسی و ئابوری تورگوت ئۆزال

### 1:2 ژیانی سیاسی ئۆزال

سەرەتای کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی ئۆزال لە پارتی سەلامەی نیشتیمانییەوە دەستی پێکردووە(اکتم ,کریم,2011)،کە لەساڵی(1970)لەلایەن پرۆفیسۆر(نەجمەدین ئەربەکان)ەوە دامەزرێنرابوو، تیایدا ئۆزال لە ساڵی(1977)ەوە ئەندام بووەو کاندیدی ئەو پارتە بووە لە هەڵبژاردنەکانی ئەو ساڵەدا بۆ ناوچەی(ئەزمیر) و چالاکانە توانیویەتی پێگەیەکی بەهێز بۆ کەسایەتی خۆی بەرجەستە بکات و تواناکانی خۆی لە بواری ئابوریدا بەگەڕ خستبوو (زۆجەر,ئێریک جەی,2009,ل449 ) .

لە 5ی کانونی یەکەمی 1979دا پۆستی جێگری سەرۆکی دەزگای پلاندانانی دەوڵەتی وەرگرتوەو ڕۆلی سەرەکی بینیوە لە بونیادنانی پرۆگرامێکی چاکسازی هەمەلایەنەی ئابووری کە بە ( بڕیارەکانی 24ی کانونی دووەم ) ناسراوە، ئەویش بەمەبەستی بەدیهێنانی ئابوریەکی تورکی لیبرال(نوالدین,محمد, 1997،ل52)، دوای ئەوەی کە لە 1983/4/24 ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی( N.S.C ) یاسایەکی نوێی دەرکردو تیایدا ئازادی سیاسی و ڕێکخراوەیی بەچەند مەرجێک ڕاگەیاند، ئەمەش گۆرانکارییەکی بەرچاوی لە ژیانی سیاسی تورکیا پێکهێناو دەرفەتێکی لەباری ڕەخساند تاکو چەندین پارت و ڕێکخراوی سیاسی نوێ لە تورکیادا دابمەزرێت(احمد,فیروز, 2000، ل422- 423) . پارتی نیشتیمانی دایک (Ana VatanPartasi ) یەکێک لەو پارتە سیاسیانە بوو کە بەهۆی ئەو پێشهاتە سیاسیانەوە لە لایەن تۆرگۆت ئۆزالەوە لە ئایاری سالی (1983 ) وەک پارتێکی راسترەو دامەزرێنرا(احمد,فیروز, 2000، ل424)، کە ئەم پارتە توانی بۆ یەکەم جار لەدوای ڕاگەیاندنی سیستەمی فرەحزبی، بەتەنهاو بەبێ ئەنجامدانی هاوپەیمانێتی، حکومەت پێکبهێنێت(احمد ,ابراهیم خلیل و اخرون, 1987،ل186) .

سروشتی ئەم پارتە خاوەنی فەلسەفەیەکی سیاسی تایبەت بە خۆی بوو، وابەستە نەبوو بە تەنها ڕەوتێک یاخود ئایدیایەکەوە, بەڵکو پێکهاتەکەی لە چەند ئایدیاو گروپێکی جیاواز پێکهاتبوو بەجۆرێک پارتێکی پارێزگاران بوو وەک پارتی (العدالە )، سونەتی بوو وەک پارتی (سەلامەی نیشتیمانی)، لە هەمانکاتدا نەتەوەیی بوو وەک( حزبی کاری نیشتیمانی )،بەڵام لەگەل هەموو ئەمانەشدا حزب وحکومەتەکەی ئۆزال تارادەیەکی زۆر شێوەیەکی( پارێزگاری) هەبووکە تا رادەیەک گرنگی بە بەها لیبرالی و دیموکراتییەکان نەدەدا، ئەمەش بە پشت بەستن بەو بەڵگەیەی کە پاش تێپەربوونی ماوەیەک دەستکرا بە لادان و دورخستنەوەی هەموو ئەو ئەندامانەی ناو پارتی نیشتمانی دایک کە تێڕوانینی ڕادەبەدەری لیبرالی و بیروڕای پێچەوانەی ئۆزالیان هەبوو، بەتایبەتی هەریەکە لە( فورال اریکان )ی وەزیری دارایی و(کایا اردم)ی جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دەوڵەت، لە پلە و پۆستە کارگێرییەکانیان دورخرانەوە(احمد ,فیروز,2000، ل432) .

لە راستیدا ئۆزال دەرفەتی کاری سیاسی بۆ کەسانێک هێنایە پێشەوە کە پێشتر ئەوکارەیان نەکردبوو یاخود ئەزمونیان لەو بوارەدا کەم بوو کە زیاتر ئەم کەسانە بە(سیاسی نوێ) ناسرابوون، لەم کارەشدا هەریەکە لە براکانی ئۆزال ( تورغون، کورکوت، یوسف ) ڕۆلی سەرەکییان هەبوو لە راکێشانی زۆرترین ئەندام بۆ ناو ریزەکانی پارتی نیشتمانی دایک (احمد ,فیروز,2000، ل434-435)، کە لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی6ی تشرینی دووەمی سالی (1983)دا توانی سەرکەوتنێکی گەورە بەسەر هەردوو پارتی(گەلی کۆماری و دیموکرات )دا بەدەست بهێنێت، بە جۆرێک لە کۆی (400) کورسی ئەنجومەنی نیشتمانی تورکیا ڕێژەی ( 212) کورسی بەدەستهێنا، ئەمەش گەورەترین دەرفەت بوو بۆ بەهێزبوون و کاریزمابوونی(ئۆزال)و پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت(معوض,جلال عبدالله, 1998،ل24) .

لە 19ی کانونی یەکەمی 1983دا، تۆرگوت ئۆزال لە وتارێکی تێروتەسەلدا لە بەردەم (ئەنجومەنی نیشتمانی گەورە) کارنامەی حکومەتەکەی خۆی ئاشکرا کردو ڕایگەیاند "حکومەتەکەمان حکومەتێکی نەتەوەییەو ...ئەم تێڕوانینەش دەبێتە مایەی سەربەخۆیی نەتەوەی تورکی و ڕێگریکردن لە پارچە پارچە بوونی وڵات " هەر لەو وتارەدا جەختی کردەوە لەسەر بەردەوام بوونی خەبات لە دژی تیرۆرو ئاژاوەگێری و جوداخوازان کە مەبەستی سەرەکی لە پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان بوو (عیسی,حامد محمود,2002،ل314).

ئامانجی سەرەکی ئەم حکومەتە هەروەک ئۆزال خۆی ئاماژەی پێدەکات بریتی بوو لە بەدیهێنانی(گۆرانکاری گەورە لە وڵاتدا )، ئەویش لەرێگەی کۆمەڵێک هەنگاو و بڕیاری ئازایانەوە توانرا ئابوری پێشکەوتنی بەرچاو بەخۆیەوە ببینێت، لە لایەکی دیکەوە هەستا بە هەموارکردنەوەی یاسای پارێزگاری دراوی تورکی و سیستەمی ئالوگۆر و ...، بەمەش توانی تا رادەیەک قەیرانی ئابوری لە تورکیا کەم بکاتەوەو گەشە بە لایەنی ئابووری بدات(نوالدین, محمد, 1997،ل45).

بە بڕوای شارەزایان، ئۆزال لەم قۆناغەدا زۆر هەستیارانە مامەڵەی لەگەل دامەزراوەی سەربازیدا کردووە، بەجۆرێک کاری لەسەر ئەوە دەکرد کە بەهەرشێوەیەک بێت متمانەی دامەزراوەی سەربازی بۆ خۆی بەدەستبهێنێتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش تەواو پشتگیری هەژموونی دامەزراوەی سەربازی دەکرد بەسەر بڕیارسازی ئاسایشی نەتەوەیی و فەرامۆشکردنی ئەو سکالایانەی بەتۆمەتی ئەنجامدانی تاوانی جۆراوجۆر لەماوەی فەرمانڕەوایی سەربازیدا لەدژی ئەفسەرانی سوپا، بەڵام هەروەک ئاشکرایە لە قۆناغەکانی دواتردا تورگۆت ئۆزال توانی دەسەڵاتی مەدەنی بەسەر دەسەڵاتی دامەزراوەی سەربازی تورکیادا زال بکات(موراد,خەلیل عەلی,2015،ل303-304).

جێگەی باسە حکومەتی دووەمی ئۆزال درێژە پێدەرو تەواوکەری حکومەتی یەکەمی بوو، چونکە بەهەمان شێوە کاری کردووە لە سەر بەدیموکراتیکردن و لیبرالیزەکردنی تورکیا و گەشەپێدانی ئابوری وڵات، لەو بارەیەوە ئۆزال تێڕوانینی حکومەتە نوێیەکەی ئاشکرا دەکات و دەڵێت:"دەوڵەتی بەهێز بەواتای دەوڵەتی بەتریارکی نایەت، ئامانجمان دەولەمەندکردنی دەولەت نییە، بەڵکو دەولەمەندکردنی نەتەوەیە، لەکاتێکدا هاولاتیان دەوڵەمەند بوون واتا دەولەت دەولەمەندە لە رووی ئابوری و سیاسەتەوە نابێ دەولەت مونافەسە لەگەل هاولاتیاندا بکات بەلکو دەبێت خزمەتکاریانبێت "( ڕوسی,هوشنگ, 2015 ) .

یەکێک لەگرنگترین پێشهاتە سیاسیەکانی ئەو قۆناغە ئەنجامدانی راپرسیەک بوو لە 6ی ئەیلولی 1987 لە لایەن ئۆزالەوە بۆ وەرگرتنی بۆچوونی هاولاتیان لەسەر گەڕانەوەی مافی سیاسی بۆ کەسایەتییە سیاسیەکانی پێشوو، پاشان لە هەلبژاردنەکانی هەمان ئەو ساڵەدا بۆ جاری دووەم پارتی دایکی نیشتیمان توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و ڕێژەی (36.29%) کورسیەکانی پەرلەمان بۆخۆی مسۆگەر بکات(احمد , فیروز, 2000، ل442) .

لە سالی 1988وە پێگەی ئۆزال لەناو پارتی نیشتیمانی دایکدا رووی لە کەم بوونەوە کردوە، هەرلەو سالەدا بۆ راگرتنی پێگەی خۆی بڕیاریدا بابەتێکی دیکە بخاتە بەردەم راپرسی ئەویش وەرگرتنی بۆچونی هاولاتیان بوو لە سەر ئەنجامدانی هەلبژاردنی پێشوەختی شارەوانییەکان، ئەو کەسایەتی خۆی تێکەل بە پرسەکە کردو ڕایگەیاند ئەگەر زۆرینەی دەنگ بە ( بەڵێ) نەیەتەوە ئەوا خۆی بە دەست لە کارکێشاوە دادەنێت، کاتێکیش راپرسیەکە لە (25)ی سێپتەمبەردا ئەنجامدرا، ئەنجامەکەی لەبەرژەوەندی ئۆزال نەبوو بەجۆرێک(65%) دەنگەکان بە نەخێر و(35%)ی بە بەلێ بوو(زوجەر,ئێریک جەی, 2009،ل455 ) .

لە راستیدا ئەنجامەکانی ئەم راپرسیە بەلگەیەکی حاشا هەڵنەگر بوو لە سەر دابەزینی نفوزی ئۆزال لە ژینگەی سیاسیدا، کاتێکیش هەلبژاردنەکان لەکاتی خۆیدا و لە مارتی 1989 ئەنجامدرا بەئاشکرا ئەوراستیە دەرکەوت و پارتەکەی ئۆزال(ANAP) ڕێژەی ( 21.9% )ی دەنگەکانی بۆ خۆی مسۆگەر کرد، ئەمەش وایکرد کە پلەی سێیەم لە دوای ( پارتی سۆسیالیست 28.2% و پارتی ڕێی راست 26.5% ) بەدەست بێنێت، بەڵام سەرباری هەموو ئەوانەش توانی لە

پۆستەکەی خۆیدا وەک سەرۆک وەزیران بمێنێتەوە (زۆجەر,ئیریک جەی, 2009،ل455 ) .

له 31ی تشرینی یەکەمی سالی 1989 ئەنجومەنی نیشتمانی تورکیا تورگۆت ئۆزالی وەک هەشتەهەمین سەرۆک کۆماری تورکیا هەلبژارد، کە ئەمە لە کاتێکدابوو جگە لە ئەندامانی پارتەکەی خۆی کەسی دیکە دەنگی پێنەدابوو، تەنانەت ئەندامانی ئۆپۆزسیۆن بایکۆتی هەلبژاردنەکانیان کرد، بەم شێوەیە ئۆزال بووە دووەمین سەرۆک کۆماری مەدەنی( سیڤیل )ی تورکیا کە ئەو پۆستە وەربگرێت و ئەو نەریتەشی نەهێشت کە تەنها ئەندامانی سوپا ببنە سەرۆک کۆمار (احمد ,ابراهیم خلیل وخلیل علی مراد,1992،ل334)، بەم جۆرە ئۆزال لە پۆستی سەرۆک کۆماریدا مایەوە تاکو کاتی مردنی لە ئایاری سالی 1993 .

## 2:1: ئۆزال و ڕۆڵی لە بواری گەشەپێدانی ئابووری تورکیادا :

لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا، ئابووری تورکیا لە دۆخێکی ئاڵۆزو ناسەقامگیر و داڕماودابوو، بەجۆرێک کە گەندەڵی ئابووری سەرجەم دام ودەزگاکانی گرتبۆوە، ئەم بارودۆخەش تورکیای ڕووبەڕووی قەرزێکی زۆر کردبۆوە، بەتایبەتی لە کۆتایی ساڵی 1979دا حکومەتی تورکیا (14،6)ملیار دۆلار قەرزداربوو(حسن, جرجیس,1990، ێ52)، ئەمەش ئەو راستییەمان بۆ دەردەخات کە ئۆزال لە قۆناغێکی سەخت و دژواردا بەرپرسیارێتی گرتۆتە ئەستۆ، ئەمەش وای لە ئۆزال کردبوو کە بەمەبەستی گەشەپێدانی ئابوری و دەربازکردنی رەوشی داڕماوی تورکیا هەر لە سەرەتاوە بە چەند پرۆژەو پلانێکی فراوانەوە دەربکەوێت(نوالدین,محمد, 1997،ل52). هەربۆیە هەندێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە کودەتای ئەیلولی(1980)، دەرفەتێکی زێڕینی بۆ ئۆزال رەخساندووە تاکو بتوانێت جێپێی خۆی لە بواری سیاسیدا بچەسپێنێت، چونکە لەو قۆناغەدا دەسەڵاتدارانی سەربازی پێویستیان بە کەسایەتییەک هەبوو کە ئابووری تورکیا ببوژێنێتەوەو لە هەمان کاتیشدا بەشێک نەبووبێت لە ململانێکان، لەبەرامبەریشدا ئەم پێشهاتانە بۆ کەسێکی وەک ئۆزال بە دەرفەتێکی ئاڵتونی ئەژماردەکرێت کە لەڕێگەیەوە توانیوێتی تواناکانی خۆی لە بواری ئابووریدا بخاتە ڕوو، لە قۆناغی دواتریشدا پێگەیەکی سیاسی بەهێز بۆ خۆی بەرجەستە بکات(جاسم,افراح ناثر,2007، ل 3) .

هەر لە سەرەتاوە هەلگری کۆمەڵێک دروشمی گەورەبوو لە وانە( بازاری ئازاد، سیستەمی ئاڵوێری ئازاد، ئازادی نرخ، لابردنی کۆت و بەند لەسەر هاوردەو ناردەنی، بەجیهانی کردنی ئابوری تورکیا ،....) .هەر بۆیە ئەو پرۆژە گەشەپێدان و چاکسازییە ئابوریەی کە ئۆزال چالاکانە کاری لەسەر دەکرد بەکردەوە توانی تورکیا بەرەو گۆرانێکی ئەرێنی ئاڕاستە بکات، هاوکات بەمەبەستی بونیادنانی سیستەمێکی ئابوری نوآ بە پێوەری ئابوری خۆرئاوا، ئۆزال هەستا بە ئەنجامدانی کۆمەلێک هەنگاوی گرنگ لەوانە :-

* ئازادکردنی هاوردە، جگە لە چەک و مادە هۆشبەرەکان .
* کەم کردنەوەی باجی گومرگ .
* ئازادی ئاڵوێری دراو و کردنەوەی حسابات بە دراوی گەورە .
* بەستنەوەی نرخی لیرەی تورکی بە مەرجی بازاڕ .
* دروستکردنی ڕێگاو پردو ئاسانکاری هۆیەکانی گواستنەوە،کە رۆلی سەرەکی دەگێرن لە بەرەوپێشبردنی  ئابوری وڵاتدا .
* نەهێشتنی کەرتی گشتی لە تورکیا .
* دورخستنەوەی دەسەڵاتی دەولەت لە کەرتی تایبەت .
* کەم کردنەوەی ڕێژەی فەرمانبەران و نەهێشتنی موچەی زیادە .
* کەمکردنەوەی باج .
* دورخستنەوەی تورکیا لە پیشەسازی قورس .
* گەشتاندنی فێربونی زمانی بێگانە لەسەرانسەری تورکیا بەمەبەستی راکێشانی سەرمایەدارانی بیانی .
* ئازادی تەواوی جوڵەی هاوڵاتیان لە سەرجەم بوارەکاندا(نوالدین,محمد 1997،ل45) .

بەهۆی ئەم هەنگاوانەوە ئۆزال توانی ئابوری تورکیا گەشەپێبدات، بەجۆرێک لە 3.3% لە ساڵی(1983 )ەو گەیاندییە 9.1% لە ساڵی  (1990)دا ، لە هەمانکاتدا هەناردەی تورکیا لە 5.7 ملیارەوە گەیاندییە 11.6ملیار دۆلار لە ساڵی (1989)دا (معوض,جلال عبدالله,1995، ل220)، ئەمەش ئەو راستییە دەردەخات کە هەوڵەکانی ئۆزال لەو بوارەدا کاریگەری بەرچاوی بە ئاراستەی بەرەو پێشبردنی کەرتی ئابوری هەبووە.

جێگەی باسە ئۆزال هیچ کات کەمتەرخەمی نەکردووە لەوەی کە سیاسەت بخاتە خزمەتی ئابوری وڵاتەکەی، لەو بارەیەوە بەهێزبونی پەیوەندییەکانی تورکیا لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا بەتایبەتی لەگەل ئەمریکاو خۆرئاوا و وڵاتانی عەرەبیدا وایکردووە هەناردەی بازرگانی و ئابوری تورکیا و گرێبەستی کۆمپانیاکانی تورکیا زۆر زیاد بکات، ئاماری فراوانبونی قەوارەی وەبەرهێنانی بیانیش لە تورکیا بەجۆرێک ئەوە پشتراست دەکاتەوە کە لە ساڵی 1984دا وەبەرهێنانی بیانی تەنها 113ملیۆن دۆلار بووە، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە ساڵی 1989دا دەگاتە 163 ملیۆن دۆلار، لە لایەکی دیکەوە بەو پێیەی کە خۆی کەسێکی شارەزابووە لە بواری ئەندازیاری کارەبادا، هەوڵیداوە لە ڕێگەی دروستکردنی بەست و بەنداو پرۆژەی گەورەی وەکو گاپ (GAP)ەوە ژێرخانی ئابوری تورکیا ببوژێنێتەوە، لە وتارێکیدا سەبارەت بەو پرۆژەیە جەخت لەسەر گرنگی و پڕ بایەخی پرۆژەکە کردەوەو رایگەیاندووە "پرۆژەی گاپ پرۆژەیەکی گشتگیرە لە هەموو بوارەکانی بەرهەمهێنان و وزەو ئابوری و پەروەردەو کشتوکاڵ و گواستنەوەو گەیاندن و گەشت و گوزاردا " (محەمەد,رازاو, 2005 ، ل83).

ئۆزال تێڕوانینێکی ناوازەی بۆ ئاو هەبوو کە وەک کاڵایەکی ستراتیجی مامەڵەی لەگەل دەکرد و پێی وابوو کە ئاو وەک نەوت و کانزاکانی دیکە شایستەی کڕین و فرۆشتنە، لەو بارەیەوە لە چاوپێکەوتنێکیدا لە ساڵی 1987 سەبارەت بە بایەخی سەرچاوەی ئاو دەڵێت"ئاو تاکە سەرمایەیە کە هەمانبێت، لە بەرئەوەی تورکیا وڵاتێکی خاوەن نەوتی زۆر نییە، هەربۆیە پێویستە بۆ پەرەپێدانی ئابوری وڵات ئاو بەکاربهێنین" (علی,ئارام ,2010،ل50 ).

یەکێک لە خەسڵەتە ئابوورییە گرنگەکانی تورکیای سەردەمی ئۆزال، بریتی بوو لەو گۆڕانکارییە ریشەییەی کە لە ئەنجامی جێبەجێکردنی سیاسەتی لیبرالیزمی نوێدا، ئابووری تورکیا بەخۆیەوە بینی، بەجۆرێک دیارترین ڕەگەزە سەرەکییەکانی ئەو سیاسەتە خۆی لە کەمکردنەوەی رۆڵی دەولەت لە چالاکیە ئابوورییەکاندا دەبینییەوە و کاری دەکرد بۆ بەتایبەتیکردنی زۆرێک لە دامەزراوەو پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان و هاندانی کەرتی تایبەت و زەمینە سازکردن بۆ زیادکردنی ناردنەدەرەوەی بەرهەمە تورکییەکان، کە بێگومان پیادەکردنی ئەم سیاسەتەش سەرکەوتنێکی بەرچاوی لە گەشەپێدانی ئابووری تورکیادا بەدەستهێنا (موراد,خەلیل عەلی,2015، ل265-266).

هاوكات لیبرالیزمی ئۆزال و ڕێگەدانی بە دامەزراندنی بانکی ئیسلامی، لەلایەکەوە ڕۆڵی کاریگەرو بەرچاوی هەبوو لە زەمینەسازکردن بۆ هاوردەکردنی سەرمایەی دەوڵەتانی عەرەبی بۆ ناو تورکیا و تاڕادەیەکی زۆریش سەرکەوتووبوو لە هاندانی وەبەرهێنەرانی بیانی و عەرەبی بۆ خستنەگەڕی سەرمایەکانیان لە ناوخاکی تورکیادا، لە لایەکی دیکەشەوە لە ڕێگەی هاوبەشیکردن لەگەڵ بانکە ئیسلامییەکانی وڵاتانی کەنداودا، ژمارەیەکی بەرچاو لە سەرمایەدارانی تورک چالاکییە ئابوورییەکانیان لەبوارەکانی بیناسازی و کەرەستەی بازرگانی و نەوتدا بەرەو دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گواستەوە(موراد,خەلیل عەلی,2015، ل271--272).

## 3: پەیوەندییە ئێوخۆیی و دەرەکییەکانی تورکیا لەماوەی دەسەڵاتی ئۆزالدا

### 1:3: تورگۆت ئۆزال و پرسی کورد :

لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری تورکیا( 1923)، سیاسەتی نکۆڵیکردن و پشتگوێخستنی نەتەوەی کورد ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە هەناوی سیاسەتی تورکی و هزری دەستە بژێری سیاسی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە ڕەگی داکوتاوە و لەو ساتەوە وەک سیاسەتێک بەرامبەر بە کورد پیادە دەکرێت، لە بەرامبەر ئەمەشدا کوردیش هەر لە سەرەتاوە کاردانەوەی توندی بەرامبەر بەو سیاسەتە هەبوە وچەندین شۆرش و ڕاپەڕینی چەکداری وەک ( ڕاپەڕینی سیواس 1924، شێخ سەعیدی پیران 1925، ئارارات، دەرسیم،...) لە دژحکومەتە یەک لەدوایەکەکانی تورکیا ئەنجام دراوە (بارکی,هینری و اخرون,2007،ل19-24 ) .

جێگەی باسە هەندێک جار بۆ بەرژەوندی خۆیان و سود وەرگرتن لە کات، نەرمیەکی سنوردار بەرامبەر بە پرسی کورد خراوەتە روو، بۆ نمونە لە سەردەمی حوکمرانی پارتی دیموکرات لە ساڵانی پەنجاکاندا بڕیارێک دەرچوو سەبارەت بە گەرانەوەی بنەماڵە دورخراوەکانی کورد و گێرانەوەی ماڵ و موڵکیان، بەڵام ئەمەش ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبوو کە پرسی کورد بکاتە دیفاکتۆ و چارەسەری ڕیشەیی بۆ بدۆزێتەوە(ماردین,دیجلە, 2007، ل41 ).

بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا گروتینێکی زۆری پەیداکرد ئەویش بەهۆی چالاکی و ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان ( p.k.k )وە بوو کە لە دوای بێ ئومێد بونیان لە بەئاشتی چارەسەرکردنی پرسی کورد لە باکوری کوردستان، بیریان لە شێوازی خەباتی چەکداری کردەوە بۆ بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد، ئەوەبوو لە 10ی ئابی 1984 پێشمەرگەکانی ئەو پارتە یەکەم چالاکی سەربازییان لە دژی سوپای تورکیا ئەنجامدا (ئەحمەد,فەیرۆز و ئەوانی تر,2006،ل255 ).

ئەگەر چی( تورگۆت ئۆزال )ی سەرۆک وەزیرانی تورکیا بەبەراورد لەگەل سەرکردەکانی پێش خۆی بەوە ناسرابوو کە سۆزی بۆ مەسەلەی کورد هەبووەو لەو بڕوایەدابووە کە دەکرێت لە ڕێگەی گەشەپێدانی ئابوری ناوچە کوردنشینەکانەوە چارەسەرێک بۆ پرسی کورد بکیرێت(عیسی-,حامد محمود,2002،ل321--314)، بەڵام لە سەرەتادا ئەویش ڕێوشوێنێکی وەهای گرتەبەر کە زیاتر رەوشەکەی ئاڵۆزتر کرد، ئەوەبوو لە 15ی تشرینی یەکەمی 1984دا هەردوو حکومەتی عێراق و تورکیا پرۆتۆکۆلێکیان بەناوی ( ڕاوەدونانی گەرماوگەرم ) واژووکرد کە بەهۆیەوە ڕێگە بە تورکیا درا بە دوری(30) کم پەلاماری چەکدارەکانی( پ.ک.ک ) و سەرجەم ڕێکخستنە کوردییەکانی دیکەی تورکیا بدات(مەجید,دڵشاد,1995،ل61).

لە لایەکی دیکەوە بۆ ڕێگرتن لە پەیوەندی کردنی کورد بەریزەکانی ( پ.ک.ک )وە حکومەتی تورکیا لە ساڵی 1985 هەستا بە پێکهێنانی هێزی چەکدار لە گوندنشینەکان بەناوی( هێزی پاسەوانی لادی ) koykoruculor بۆ هاریکاریکردنی سوپای تورکیا لە دژی چالاکیەکانی پێشمەرگە بە تایبەتی( پ.ک.ک ) (بارکی ,هینری و اخرون ,2007،ل50--51).

هاوکات لەگەل ئەمانەدا پرۆسەی تواندنەوەو شێواندنی ناسنامەی کلتوری و نەتەوەیی کورد فراوانترکراو پرۆسەی گۆرینی ناوی گوندە کوردییەکان دەستی پێکرد، بەجۆرێک لە کۆی(3524) گوند( 2824 ) گوندی گرتەوە، تەنانەت ڕێگری دەکرا لە ناونانی منداڵانی کورد بەناوی کوردی، ئەم کارەش بەیاسا ڕێکخرابوو کە تیایدا هاتووە" هەر ناوێک لەگەڵ ئەخلاق و داب ونەریت و کلتوری نەتەوەیی و بەشەرمەزاری بۆ کۆمار لە قەلەم بدرێت نابێ بەشێوەیەکی یاسایی لە بەڵگەنامەکانی لە دایکبون تۆمار بکرێت" (سیف الدین ,بیار مصطفی, 2009، ل184) .

جگە لەم کارانە حکومەتەکەی ئۆزال زۆربەی ناوچە کوردنشینەکانی وەک(بتلیس، بنگول، باتمان، دیاربەکر، هەکاری، ماردین، سیرت، شرناخ، تونجەلی، وان )ی خستە ناو چوارچێوەی باری نائاساییەوەو بۆ بەڕێوەبردنی کارو باری ویلایەتەکان کاربەدەستێکی دەسەڵاتداری دیاری کرد بە ناوی (حاکمی پایە بەرز) (نوالدین,حمد,1997،ل96) .

بە کۆتاییهاتنی دەیەی هەشتاکان وەرچەرخانێکی گرنگ لە مێژووی کورد لە تورکیا ڕویدا، بە جۆرێک بۆ یەکەمجار پرسی کورد بووە مایەی گرنگی پێدانی ڕای گشتی تورکیا و لە سەرو هەموویانەوە ئۆزال هەڵوێستێکی تەواو جیاوازی بەرامبەر بە کورد هەبوو، لەو بارەیەوە لە ساڵی 1990 لە میانەی کۆبونەوەیەکدا ئۆزال ڕایگەیاند کە"حکومەت بە راستی بەدوای دۆزینەوەی نمونەیەکی نوآ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورددا دەگەرێت، کە دوور بێت لە ڕێوشوێنی پۆلیسی و سەربازی "( سیف الدین, بیار مصطفی, 2009، ل199).

لە 13ی تشرینی یەکەمی 1991دا خۆی سەردانی هەکاری کردووەو دانی بەوەداناوە کە کورد لە تورکیابوونی هەیەو پێویستە ڕێزیان لێبگیرێت"( سیف الدین, بیار مصطفی, 2009، ل199). ئەگەر چی ئەم لێدوانانە واپێدەچێت لە میانەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکاندا بوبێت بەڵام بایەخ و گرنگی خۆی هەبووە . لە لایەکی دیکەوە ئۆزال لە شوباتی 1991دا دەستپێشخەرییەکی تری بەرامبەر بەکورد ئەنجاداو پێشنیاری کرد کە ماددەی (2932) لە دەستوری ساڵی 1982 هەڵبوەشێتەوە کە تایبەت بوو بە قەدەغەکردنی زمانی کوردی، ئەوەبوو ئۆزال هەرخۆی توانی لە 12ی نیساندا ئەنجومەنی نیشتیمانی تورکیا بۆ ئەو پێشنیارە رازی بکات و ڕێگەیدا کە زمانی کوردی بۆ گفتوگۆ و مامەلەکردن بەکاربهێنرێت، جگە لە پەخش و بڵاو کردنەوەو فێرکردن، ماوەیەکیش دوای ئەوە ئۆزال چاوی بە سەرکردە کوردەکانی باشور کەوتووەو پێی راگەیاندون کە" تورکیا پالپشتی لە گەرانەوەی مافەکانی کورد دەکات، جا ئەوە بەگوێرەی ڕژێمی دیموکراتی بێت یان بە شێوەی فیدرالی یان کۆنفیدرالی یاخود ئۆتۆنۆمی بێت "( سیف الدین,بیار مصطفی, 2009 ،ل132).

ئۆزال خاوەنی بۆچون و ستراتیجیەتی تایبەت بە خۆی بوو، سەبارەت بە جەنگی دووەمی کەنداو بە ئاشکرا دوو فایلی گرنگی خستوەتە بەرباس و لێکۆلینەوە کە ئەوانیش( ویلایەتی موسڵ و بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد)بوو، ئەوەبوو لە 15ی یەنایەری 1991 دا لە کۆبونەوەیەکدا بە ئامادەبونی( یەلدرم ئاقبلوت)ی سەرۆک وەزیران و ( نەجیب تۆرمتای ) سەرۆک ئەرکانی سوپا، پێشبینی ئەوەی کردووە کە

حکومەتی عیراق دەروخێت و پێویستە تورکیا بچێتە ناو باکوری عێراق و دەست بەسەر موسل وکەرکوکدا بگرێت (حمەکریم, هێرش عبدالله ,2007، ل89--90 ) .

جێگەی باسە جگە لەوەی ئۆزال خۆی باوەری بە چارەسەری ئاشتیانە هەبووە بۆ پرسی کورد، بەڵام لە هەمانکاتدا کەوتبووە ژێر کاریگەری بیروڕای چەند کەسانێکەوە کە لە رێگەی راپۆرتەکانیانەوە ئاراستەی نوسینگەی سەرۆکیان کردبوو، بەتایبەتی راپۆرتی یەکەم کە لە سالی 1992 لە لایەن(کایا تۆپری ) راوێژکاری راگەیاندنی کۆشکی کۆماری و( ئەسلان گونەر)ەوە لە ژێر ناوی( کێشەی کورد و بارودۆخی رۆژهەلات و پێشنیاری چارەسەرکردنی) خراوەتەروو کە لە راپۆرتێکی( 400) لاپەرەیدا ئامادەکرابوو(حمەکریم ,هێرش عبدالله,2007، ل90) .

لە مایسی- هەمان سالدا راپۆرتی دووەم لەلایەن وەزیری حکومەت و دۆستی تایبەتی ئۆزال (عەدنان قاوەچی)ەوە ئامادەکراوە کە لە ( 13 )لاپەرە پێکهاتبوو لە ژێر ناونیشانی (چۆن مەسەلەی کورد چارەسەرناکرێت ) کە تیایدا قاوەچی داوا دەکات کە پێویستە شوناس و ناسنامەی کورد بە فەرمی پەسەند بکرێت، بەڵام بەردەوام بونی جەنگ لە دژی ( پ.ک.ک ) بە پێویست دەزانێت.راپۆرتی سێیەم لە سالی 1993 لەلایەن فەرماندەی پێشوی هێزە زەمینیەکانی توکیا (کەمال یاماک ) ئامادەکرابوو، کەتیایدا رەخنە لە سیاسەتی حکومەتەکانی تورکیا دەگرێت لە هەمبەر کوردو دەلێت" ئێمە و کورد پێکەوە لەم خاکەدا ژیاوین، پێکەوە ولاتمان دروست کردووە...لەبەر ئەوە پێویستە مافەکانمان وەک یەک بێت و مافی کوردیش بدرێت "(ماردین,دیجلە ,2007، ل48-49). ئەمەش ئەو راستییە دەردەخات کە ئۆزال لانی کەم کۆمەلێک لە کەسانی لە ناوەند و پێگە جیاوازەکانی سیاسی و سەربازی پشتگیریان لێکردووە بۆ ئەنجامدانی ئەو ویستەی کە بەرامبەر بە کورد هەیبوو . هاوکات لەگەل ئەم رووداوانەدا رۆژنامەکان بەئاشکرا (نەخشەی ئۆزال )یان بلاوکردەوە کە عێراق بەسەر سێ دەولەتی(عەرەبی، کوردی، تورکمان )لە یەکێتیەکی فیدرالیدا دابەشکردبو(شیال,عزیز جبر2012،ل 46 ).

لە بارەی دانوستان و هەولەکانی ئۆزال بۆ بە ئاشتی چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد محمد نورەدین ئاماژە بەوە دەکات کە " ئۆزال لە رێگەی پەرلەمانتارێکی کوردەوە لە سالی 1992 بە( ئۆج ئالان )ی راگەیاندووە کە ئێوە شەر رابگرن منیش لای خۆمەوە هەندێک دەستپێشخەریم هەیە و باس لە شتی گەورەو مەترسیدار دەکەم"( علی,ئارام,2010،ل53 )، لەم کارەی ئۆزالدا ئەوە دەردەکەوێت کە زۆر بە پەرۆشەوە هەولی چارەسەرکردنی کێشەی کوردی داوە و بەلێنی گەورەشی داوە کە دان بە بوونی کورد و مافەکانیدا بنێت .

هاوکات لەگەل ئەو زانیاریانەدا (خەتیب دیجلە)ی ئەندام پەرلەمانی پێشوی تورکیا لە میانەی دادگایکردنی بە تۆمەتی بوونی پەیوەندی بە (پ.ک.ک.)وە ئەوەی ئاشکرا کردووە کە لە سالی 1993دا تورگۆت ئۆزال داوای لێکردووە کە بچێتە دەشتی بیقاع و بە عەبدوڵا ئۆجەلانی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان رابگەیەنێت کە بگەڕێتەوە بۆ تورکیا و لە ئایندەدا ببێتە سەرۆک وەزیران(دجلة ،خطیب،2010).

ئەگەر چی ویستێکی لەو جۆرە تارادەیەک جێگەی گومانە، بەڵام ئۆجەلان لە31ی ئازاری سالی2010 دا لە زیندانی ئیمرالییەوە هەولەکانی ئۆزال بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کورد پشت راست دەکاتەوەو دەلێت"ئۆزال لە رێگای دانوستان و ئاشتییەوە هەولی چارەسەرکردنی کێشەی کوردی لە تورکیا داوەو تاڵەبانیش لە نێواندا بووە، بەڵام ئۆزال تەسفیە کرا و تاکو ئێستاش مردنەکەی تەمومژاوییە " (علی ،ئارام ,2010،ل53 ).

هەموو ئاماژەکان ئەو راستییە دەردەخەن کە ئۆزال لە سالانی نەوەدەکان بە دواوە ویستێکی راستەقینەی هەبووە بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی دۆزی کورد لە تورکیا، بەڵام مردنی لە ناکاوی ئۆزال هەموو ئەو هەوڵ و هیوایانەی لە باربرد کە سالانێک بوو کورد خەباتی دەکرد لە پێناویاندا.

جێگەی باسە تورگۆت ئۆزال هەڵوێستێکی دۆستانەی هەبووە بەرامبەر بە کوردی باشوری کوردستان، بە تایبەتی لە سالی 1988 و دوای ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال وهەولەکانی حکومەتی عێراق بۆ پاکتاوکردنی رەگەزی کورد، زیاتر لە (60)هەزار لە هاولاتیانی کوردی باشوری کوردستان ئاوارەی خاکی تورکیا بوون(حمە کریم ,هێرش عبدالله,2007، ل82 )، بۆ لە نزیکەوە ئاگاداربونیشیان ئۆزال خۆی سەردانی کەمپی دیاربەکری کردووەو بەڵێنی پاریزراوی پێداون(علی , ئارام,2010،ل53)، لەلایەکی دیکەوە راپەرینی ئازاری سالی 1991 لە باشوری کوردستان و هێرشی پێچەوانەی سوپای عێراق، بووە هۆی کۆرەوێکی گەورەی کورد و نزیکەی (500 ) هەزار کورد روبەرووی ئاوارەیی بونەوەو پەنایان بردووەتە بەر سنوورەکانی خاکی تورکیا، لەم بارودۆخەدا ئۆزال لە لایەکەوە بۆ بەدەنگەوەهاتنی لێقەوماوانی کوردو لە لایەکی دیکەوە بۆ رێگە گرتن لە کاریگەری راپەرینەکانی باشور لە سەر باکوری کوردستان(فۆلەر,گراهام و ئەوانی دیکە,2006، ل103)،

لە نیسانی1991دا لە میانەی چاوپێکەتنێکی تەلەفزیۆنیدا پێشنیاری بۆ نەتەوەیەکگرتووەکان کرد کە ناوچەیەکی ئارام بەناوی(پەناگەی ئارام بۆ کوردان ) لە باکوری عێراق بونیاد بنرێت و ئەوەشی راگەیاندووە کە لە چوارچێوەی هێزی نێودەولەتیدا ئامادەیە هێزی تورکیا بنێرێت بۆ پاراستنی ئەو ناوچەیە، دواتر هەر ئەم پێشنیارەی ئۆزال لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتییەوە کاری لەسەرکراو لە 5ی نیسانی 1991 بریاری ژمارە ( 688 ) بۆ ئەو مەبەستە بەرجەستە بوو (سیف الدین,بیار مصطفی, 2009 ،ل196).

### 2:3: پەیوەندییە دەرەکییەکانی تورکیا لە سەردەمی حوکمڕانی ئۆزالدا

#### 1:2:3 : تورکیا و ئەمریکا :

مێژووی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و تورکیا بۆ سەرەتای سەدەی نۆزدە دەگەرێتەوە، ئەویش بە گەیشتنی کەشتی بازرگانی ئەمریکی(جۆرج واشنتن)لە سالی 1800 بۆ بەندەری ئەستەنبول دەست پێدەکات(الغالبی,سلوی سعد,2002،ل59-63 )، بەڵام پەیوەندی راستەوخۆ و ستراتیجی نێوان ئەم دوو وڵاتە لە دوای هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی دووەم و بەتایبەتی لە سالی 1941 بەدواوە دەستپێدەکات ئەویش دوای ئەوەی ئەمریکا بایەخی ستراتیجی و جیۆگرافی تورکیای بۆ دەرکەوتبوو، هاوکات بە پێویستیشی زانیوە کە سود لە تورکیا وەربگرێت بۆ چالاکییە سەربازییەکانی هاوپەیمانان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، ئەمە جگە لە بەکارهێنانی تورکیا وەک بەربەستێک لە دژی یەکێتی سۆڤیەت بە تایبەتی لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم (حسن,جرجیس1990 ،ل32 ).

جێگەی ئاماژە پێدانە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و تورکیا لە دوای بە دەستهێنانی پۆستی سەرۆک وەزیران لە لایەن (تورگۆت ئۆزال)ەوە مۆرکێکی دیکەی بە خۆیەوەبینی، بەجۆرێک رۆژئاوا بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی پێشوازییەکی گەرمیان لە حکومەتە نوێیە مەدەنییەکەی ئۆزال کرد، کە بێگومان ئەویش بەهۆی خودی کەسایەتی ئۆزالەوە بوو کە لە نێوەندە رۆژئاوایی و ئەمریکاییەکان بەکەسێکی پەرۆشی گرێدانی تورکیا بە رۆژئاوا و ئەمریکا ناسرابوو لە سەرجەم لایەنەکانی سیاسی

و سەربازی و ئابووری و بازرگانی و کلتووری. لە لایەکی دیکەوە زانیارییەکان ئەوە دەردەخەن کەئەمەریکا راستەوخۆ رۆڵی هەبووە لە پاڵپشتیکردنی ئۆزال لە هەڵبژاردنەکاندا، لەو بارەیەوە ڕۆژنامەی( وۆل ستریت جۆرنال ) ئاماژە بەو رۆلە دەکات و تیایدا هاتووە:" ئەگەر ڕێگە بە ئۆزال نەدرێت بەشداری هەڵبژاردنەکان بکات ئەوا ئیدارەی ئەمریکی لە دامەزراوەی سەربازی نیگەران دەبێت"، چەند رۆژێکیش دوای هەڵبژاردنەکان وتەبێژی کۆشکی سپی ڕایگەیاند:" ئەمریکا متمانەی تەواوی بە حکومەتی نوێی تورکی بە سەرۆکایەتی تورگۆت ئۆزال هەیە کە بتوانێت ئەو دەستکەوتانە بهێنێتە دی کە تورکیا پێویستی پێیەتی، ئەمریکاش ئامادەیە پاڵپشتی لێ بکات"( سیف الدین,بیار مصطفی,2009 ،ل67--68).

ئۆزال توانیبوی لە ڕێگەی چەند سەردانێکەوە پەیوەندیەکی فرە بوارو فرە ڕەهەند لەگەڵ واشنتۆندا دابمەزرێنێت بەتایبەتی لە بواری سەربازی و ئابوری و بازرگانی و کلتوریدا، یەکەم سەردانیشی بۆ واشنتۆن لە نیسانی 1985دا بوو کە ماوەی (10) رۆژی خەیاندووە، لە کانونی دووەمی 1988دا دووەم سەردانی بۆ ئەمریکا ئەنجامداوە کە هاوکات بوو لەگەڵ هەلبژاردنی جۆرج بۆشی باوکدا، بەڵام سەبارەت بە سەردانی سێیەم کە لە ناوەراستی شوباتی 1990دا کردوویەتی تایبەت بوو بە جینۆسایدی ئەرمەن کە لەگەڵ کۆنگرێسی- ئەمریکیدا گفتوگۆیان لە بارەوە کردووە، چوارەم سەردان و کە دواسەردانی بووە تایبەت بوو بۆ ڕوداوی داگیرکردنی کوێت لە لایەن عێراقەوە (یونس,نبیل محمد سلیم,1997، ل164--165). ئەوەی جێگەی باسە لە سەرجەم گەشتەکانیدا تا رادەیەکی زۆر سەرکەوتنی بەدەست هێناوە و تواناکانی خۆی زۆر بە باشی بەکارهێناوە بۆ دروستکردن و گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی تورکیا بە ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاوە .

پێویستە ئەوەش بوترێت کە حکومەتەکەی ئۆزال بە جۆراو جۆری پەیوەندییەکانی لە گەل ئەمریکا جیادەکرێتەوە لەگەڵ حکومەتەکانی پێش خۆی، کە زیاتر ئەوان وابەستەی ئەوروپا بوون، بەڵام ئۆزال جەختی لە سەر بەهێزکردنی پەیوەندییە ئابوری و کلتوری ومێژوییەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکا دەکردەوە، ئەو پێی وابوو پەیوەندییە ئابورییەکانیان لەگەل ئەمەریکا "بازرگانییە نەک یارمەتی" (سیف الدین,بیار مصطفی, 2009 ،ل68-73). ئەمەش ئەو پەری متمانە بەخۆ بوون و ویستی سەرپێخستنەوەی ئابووری تورکیا دەگەیەنێت .

لە لایەکی دیکەوە تەنگەژەی دووەمی کەنداو جارێکی دیکە گرنگی و بایەخی ستراتیجی تورکیای بۆ ئەمریکا و خۆرئاوا ئاشکرا کردەوە، هەر زووش تورکیا هەولیدا دڵسۆزی و دۆستایەتی خۆی بۆ ئەمریکا بسەلمێنێت ئەویش لەکاتێکدابوو کە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتی بە پێی بڕیاری ( 661)ی ساڵی 1990 بڕیاریدا کە گەمارۆی ئابووری بەسەر عێراقدا بسەپێنرێت (روبنس,فلیب, 1993،ل 87-88 ؛ (مجلة الدراسات الفلسطينية : 1991، ل293)،لەم دۆخەدا ئۆزال دەستپێشخەری کردووە بە بێ ئەوەی فشاری بخرێتە سەر ڕاستەوخۆ ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی عێراقی لەکەرکوکەوە بۆ بەندەری جیهان ڕاگەیاند(شیال,عزیز جبر,2012،ل 43 ).

ئەگەر چی لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستەی دا ئۆزال ڕوبەرووی ڕەخنەی توندی دەستەبژێری سیاسی تورکیا بوەوەو ئەو کارەیان بە نادروست لە قەلەم دا، بەڵام ئۆزال توانی دۆخەکە کۆنترۆل بکات و هاوڕێ لەگەل ئەوەشدا لە کانونی یەکەمی 1991دا توانی کاریکاتە سەر پەرلەمان بۆ دەرکردنی بڕیارێک لە بارەی هاوکاری سەربازی تورکیا بۆ ئەمریکا و کردنەوەی بنکەی ( ئەنجەرلیک ) لە خاکی تورکیادا بۆ هێرش کردنە سەر عێراق (ئنبار,ئەفرایم2006،ل83 ).

بەگشتی هەموو ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن کە(ئۆزال ) زۆر سەرسام بووە بە ئیدارە و سیاسەتی ئەمریکی و بەردەوام هەولی داوە کە پەیوەندی خۆیی و وڵاتەکەی لەگەڵ ئەمریکادا زیاتر بکات و زۆر بە شانازییەوە باس لە گفتوگۆو پەیوەندییەکانی دەکات لە گەل سەرۆکی ئەمریکادا، لەو بارەیەوە لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانیدا ئاماژەی بەوە کردبوو کە:" لە ماوەی شەش هەفتەی دوای داگیرکردنی کوێت لە لایەن عێراقەوە(23) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ سەرۆک بۆشدا ئەنجام داوە"( المحامي,جرجيس فتح الله 1991، ل284)، لە بەرامبەریشدا ئەمریکا بایەخی تورکیای لەبەرچاو بووە و هەمیشە زۆر هەستیارانە مامەڵەی لەگەڵ دۆخەکەدا کردووە.

**2:2:3 پەیوەندیە هەرێمییەکانی تورکیا :**

هاوشێوەی وڵاتانی دیکە، تورکیاش بە بایەخەوە لە پەیوەندییە هەرێمایەتییەکانی خۆی روانیوەو چەندیش لە توانایدابوبێت لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیی بۆ مەبەستی سەقامگیرکردنی ئاسایشی تورکیاو بەهێزکردنی ئابوورییەکەی، هەوڵیداوە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەلڕ وڵاتانی دراوسێیدا بەهێزبکات، پێویستە ئەو راستییەش لەبەرچاو بگرین کە پەیوەندییە هەرێمایەتییەکانی تورکیا بەردەوام لە هەڵکشان و داکشاندا بووەو هاوتەریبی پەیوەندییەکانی نەبووە لەگەلڕ ئەمریکا و خۆرئاوا، بەجۆرێک تاکو پەیوەندییەکانی لەگەلڕ ئەمریکا و خۆرئاوا بەهێز بوویێت بەپێچەوانەوە پەیوەندییە هەرێمایەتییەکانی لاوازبووە، کە بێگومان ئەم جۆرە مامەڵەکردنەی تورکیاش سەبارەت بە پەیوەندییە دەرەکییەکانی بەپێی قۆناغ و رەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە .

پەیمانی سەعد ئاباد، یەکێکە لەو پەیماننامانەی کە حکومەتی تورکیا لە 8ی تەموزی 1937دا لەگەلڕ هەریەکە لە عێراق و ئێران و ئەفغانستان لە کۆشکی رەزاشا واژویان کردووە(مجموعة من الباحثين السوفيت ,2007، ص218 ؛ مجيد جعفر, 2006،ص309)،کە مەبەستی سەرەکیشیان بە پلەی یەکەم ڕووبەڕووبونەوەی مەترسی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد بوو لە ناوچەکەدا، بەجۆرێک هەریەکە لەم وڵاتانە ڕێکەوتن لەسەرئەوەی کە هیچ لایەکیان داڵدەی گروپ و ڕێکخراوە چەکدارییە نەیارەکانی یەکتری نەدەن و رێگری بکەن لە هەرجۆرە کارێکی تێکدەرانە(قادر,جبار,1999،ل67-68؛ الحسني,عبدالرزاق,1982، ل327-330) ، هاوکات لەدرێژەی هەوڵەکانیدا بۆ سەقامگیرکردنی ئاسایشی ناوچەکە لە 24ی شوباتی 1955دا حکومەتی تورکیا پەیماننامەیەکی نوێی لەگەلڕ عێراقدا واژووکرد کە بە پەیمانی بەغدا ناسرابوو(الحسني،عبدالرزاق,1987،ل37 ؛ قادر, مەهدی محەمەد,2005،ل308-309) ، کە دواتر هەریەکە لە ئێران و پاکستانیش بوون بە ئەندامی هاوپەیمانێتییەکە(الحربي,علاء جاسم محمد,2002،ل271).

بەسەرنجدان لە مێژووی پەیوەندییە هەرێمایەتییەکانی تورکیا لەسەردەمی تورگوت ئۆزادا، ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە هاوشێوەی قۆناغەکانی پێشوو بەرژوەندییە هەمەلایەنەکانیان رۆڵی سەرەکیان تێدابینیوە، لەو بارەیەوە پرسی کورد و سەرچاوەی ئاو(روبنس,فلیب, 1993،ل 65) یەکێک بوون لەو بابەتە گرنگانەی کە کاریگەری توندیان لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو سوریا هەبووە(محمد, فرح عبدالکریم,2014 )، بەجۆرێک هەمیشە سوریا لەلایەن کاربەدەستانی تورکیاوە بەوە تۆمەتبار کراوە کە هاوکاری کەمینە ئەرمەنیەکان و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد دەکات و داڵدەی چەکدارەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان دەکەن(محمود,احمد عبدالعزیز,2011، ل198)، بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو سیاسەتەش تورگوت ئۆزال بەفەرمی هۆشداریدایە حکومەتی سوریا و ئاگاداریکردەوەکە لە هاوکاریکردنی گروپە

تیرۆرستییەکان خۆی بەدووربگرێت کە مەبەست لێی چەکدارەکانی(پ.ک.ک) و گروپە ئەرمەنییەکان بوو(محمد, أ.عربي لادمي,2017,ل68 )، دواتریش حکومەتی تورکیا بە درێژایی سنوورەکانی لەگەڵ سووریادا هێزی سەربازی تیادا بڵاوکردەوە. هاوکات لەمیانەی کۆبوونەوەیەکی فەرمیدا، هەوڵەکانی ئۆزال بۆ رازیکردنی سەرۆک وەزیرانی سوریا بۆ دژایەتی کردنی کورد و پاراستن و قایمکردنی سنوور لە دژی کورد شکستیهێنا، هەربۆیە بەئاشکرا رایگەیاند " تورکیا ئەوەی کە لەگەڵ عێراق بەدەستی هێناوە بۆ راوەدوونانی چەکدارە کوردەکان ، نەیتوانیوە لەگەڵ دیمەشق بەدەستی بهێنێت "( حسن ,جرجيس,1990، ل63).

لەلایەکی دیکەوە، لە 28ی ئابی 1989دا دووبارە تورگوت ئۆزال هۆشداری توووند ئاراستەی هەریەکەلە سوریا و ئێران و عێراق دەکات و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هاوکاری چەکدارە کوردەکان نەکەن و رایگەیاند" هەریەکێک لە دراوسێکانی تورکیا، ئەبێ ئەو راستییە لەبەرچاوبگرن کە لە بەرامبەر هاوکاریکردنی گروپە جوداخوازییە کوردییەکان، دان بەخۆداگرتنی تورکیا سنووری هەیە .... بەتایبەتیش پێویستە لەسەر سوریا کە ئاگاداری ئەوەبێت کە هەرکاتێت سوپای تورکیا مەبەستی بێت توانای ئەوەی هەیە کە سنووری سوریا بۆ راوەدوونانی نەیارەکانی بەزێنێت " (مەجید, دڵشاد, 1995,ل62).

هاوکات هەریەکە لە تورکیا و عێراق بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە ئابووری و ئەمنییەکانیان زۆر بە پەرۆش بوون بۆ بونیادنان و دامەزراندنی پەیوەندییەکی توندوتۆڵتر، بەتایبەتیش لە دوای کودەتاکەی 12ی ئەیلولی 1980 هەردوولا کۆک بوون لەسەر پتەوکردنی پەیوەندییەکان، بۆ ئەو مەبەستەش کاربەدەستانی عێراق لەسەر ئاستی باڵا سەردانی(ئەنقەرە) یان کردو رێکەوتننامەی نوێیان سەبارەت بە راوەدوونانی نەیارەکانیان واژوو کرد، هەر لەو قۆناغەداو بەتایبەتی لە دوای شۆڕشی ئیسلامی ئێران، دەسەڵاتدارانی تورکیا رۆڵی نەرێنیان بینیووە لە رەخساندنی باروودۆخێکی ئاڵۆزو ناسەقامگیر و تارادەیەکی زۆریش بەشێوەیەکی راستەوخۆ یارمەتی سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆنیان دەدا، بەڵام دوای دەرکەوتنی ئۆزال وەک سەرۆک وەزیرانی تورکیا و بەتایبەتیش لە ساڵانی شەڕی عێراق و ئێراندا، تورکیا بەشێوەیەکی هەستیار مامەڵەی لەگەل هەردوو لایەنی بەشەڕهاتوودا کرد(محمود ,احمد عبدالعزيز,2011، ل176--179 )، بەجۆرێک هەوڵیاندا کە بەشێوەیەکی هاوسەنگ پەیوەندییە ئابووری و سیاسی و ئەمنییەکانیان بپارێزن، ئەمەش زەمینەیەکی لەباری خۆشکرد تاکو بەرهەمە ناوخۆییەکانی تورکیا بە ئاستێکی فراوان بەرەو بازاڕەکانی عێراق و ئێران بگوازرێتەوەو لەبەرامبەریشدا هەریەکە لەم دوو دەوڵەتەی دواییان کێبڕکێیان دەکرد لەسەر فرۆشتنی نەوتی وڵاتەکەیان لە رێگەی تورکیاوە (تشبينار ,عمر,2008 ، ل24 ).

دارمانی یەکێتی سۆڤێت، یەکێک بوو لە گرنگترین پێشهات و پەرەسەندنە سیاسیەکانی سەدەی بیستەم کە بەهۆیەوە ژمارەیەک دەوڵەت سەربەخۆییان بەدەستهێناو نەخشەی سیاسی ناوچەکەش گۆڕانکاری گەورەی بەخۆیەوە بینی، بەتایبەتی هەریەکە لە کۆمارەکانی ( ئۆزبەکستان، تورکمانستان، قیرغیزستان، کازاخستان، تاجیکستان ) یەکێک بوون لەو کۆمارە موسڵمانانەی کە لە دەرئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە سیاسیانەدا سەربەخۆیی و ناسنامەی دەوڵەتیبوونیان بۆخۆیان مسۆگەرکرد ، کە هەریەکە لەو پێنج دەوڵەتە نوێیە بۆ دەوڵەتی تورکیا جێگەی بایەخ بوون، چونکە زۆربەی دانیشتوانی ئەو کۆمارانە جگە لە تاجیکستان زۆرینەیان لە رووی رەچەڵەکەوە تورک بوون و زمانی تورکییان بەکارهێناوە، هەربۆیە چەندین ساڵ پێش رووخانی یەکێتی سۆڤێتیش، تورکیا لەهەوڵی ئەوەدابووە کە بەپشت بەستن بە رەهەندی رەگەزی و ئاینی و مەزهەبی، پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ گەلانی ئەو ناوچانەدا بەهێزبکات و سەرنجیان بەلای تورکیادا رابکێشێت(عباس ,جمال كمال اسماعيل,2000، ل187--189) .

تورگوت ئۆزال، یەکێک بوو لەو دەسەڵاتدارانەی تورکیا کە زۆر بە بایەخەوە لە گۆڕانکارییەکانی پاش هەڵوەشانەوەی یەکێتی شۆڤێتی دەڕوانی، چونکە پێی وابوو خزمەت بە بیرۆکەی" عوسمانییەتی نوێ"( نوفل,ميشال,2010، ل64) دەکات کە بۆ یەکەمجار لە میانەی سمینارێکدا ئۆزال لە کانونی یەکەمی 1992دا مەبەست وبایەخی چەمکی عوسمانییەتی نوآ ی راگەیاند و بەئاشکرا باسی لەوە کرد کە پێویستە تورکیا رۆڵی کاریگەرو زیندوو لە دەوروبەری خۆیدا ببینێت، کە مەبەست لێی یەکخستنی تەواوی ئەو هەرێم و دەوڵەتە تورک زمانانەبوو لە چوارچێوەی یەک دەوڵەتی بەهێزدا کە تورکیا سەرکردایەتییان بکات کە ئەم پرۆسەیەش بنەڕەتدا زیندووکردنەوەی بیری تۆرانیزم بوو(نوالدين،محمد,1997،ل51 )، هەربۆیە تورکیا یەکەم وڵات بوو کە بە فەرمی و لە سەر ئاستی باڵا دانی بەسەربەخۆیی ئەو کۆمارە نوێیانەداناو سەفارەتی وڵاتەکەشیان لە پایتەختی هەریەکە لەو وڵاتانەدا کردەوەو ئامادەیی خۆشیان دەربڕی کە بەهەموو شێوەیەک هاوکارو یارمەتیدەریان دەبن(النعيمي, عبدالجبار عبد مصطفى و آخرون ,1993، ل200). ئەگەرچی ئۆزال سەرکەوتوو نەبوو لە بەدیهێنانی یەخستن و راکێشانی دەوڵەتە تورک زمانەکاندا، بەڵام تاڕادەیەک سەرکەوتنی باشی بەدەستهێنا لە درووستکردنی پەیوەندییەکی بەهێزی ئابووری وسیاسی و کۆمەڵایەتی لەنێوان تورکیا و وڵاتە تورک زمانەکانی ئاسیای ناوەندا (جاسم ,أفراح ناثر,2007،ل6--12) .

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە چەند ئەنجامێک لە وانە :-

- تورگۆت ئۆزال بە رەچەڵەک لە دایکەوە کوردە .
- لە رووی سیاسیەوە کەسێکی سەرکەوتوو بوەو بۆچون وسیاسەتەکانی چ وەک سەرۆکی پارتی نیشتمانی دایک و چ وەک سەرۆکی حکومەت و سەرۆک کۆمار ،شوێنەواریان لە تورکیادا هەستپێکراو بووە .
- لە رووی ئابورییەوە ئۆزال خاوەن پلانێکی سەرکەوتوو مۆدێرن بووە ، کە لە رێگەیەوە هەولیداوە ئابووری تورکیا بە ئابوری ئەمریکاو رۆژئاوە ببەستێتەوە .
- ئۆزال هەولیداوە چارەسەری کێشەکورد بکات بە رێگەی ئاشتی و گفتوگۆ کردن و دوور لە بەکارهێنانی پرۆسەی سەربازی .
- بۆ یەکەمجار دانان بە بوونی نەتەوەی کورد لە تورکیادا لە سەردەمی حکومرانی ئۆزالدابوو .
- پەیوەنییەکانی تورکیا و ئەمریکا لە سەردەمی ئۆزالدا لەو پەری تۆکمەیی و بەهێزیدا بوو کە بەشێکی زۆری ئەوەش بۆ کەسێتی ئۆزال دەگەرێتەوە .
- مردنی ئۆزال روداوێکی تەمومژاویەو پێدەچێت کارێکی تیرۆرستی بوو بێت، تا رادەیەکیش مەسەلەی کورد پشکی هەبووە لە کوشتنەکەیدا .
- وا دەردەکەوێت کە ئۆزال کەسێک بووە زۆر ئارەزووی بە پۆست و پلەی باڵای حکومییەوە کردبێت .

# ليستى سەرچاوەكان


**نامەى زانكۆيى**

محمد ,فرح عبدالكريم(2014). النزاع على المياه بين العراق وتركيا 2003-2014، رساله ماجستير مقدمه الى قسم العلوم السياسيه كليه الآداب والعلوم جامعه الشرق الاوسط، غير منشور.

يونس,نبيل محمد سليم (1997). تطور العلاقات التركيه –الامريكيه فى ظل المتغيرات الدوليه المعاصره ، اطرحه دكتوراه مقدمه الى مجلس كليه العلوم السياسيه، جامعه بغداد.

عباس,جمال كمال اسماعيل(2000). تركيا وجمهوريات آسيا الوسطى الاسلامية 1923-1993، رسالة ماجستير غير منشورة ، جامعة موصل .

**كتێبە كوردییەكان:**

سيف الدين,( 2009).بيار مصطفى كێشەى كورد لە پەیوەندییەكانى نێوان توركيا و ئەمريكا ،و.سەرمەد ئەحمەد ،چاپخانەى هاوسەر ، چ (1) ،هەولێر.

قادر ,جبار(1999). چەند بابەتێكى مێژووى كورد ،چ1، سلێمانى .

موراد ,خەليل عەلى(2015). پاسەوانانى كەمالیزم هەڵوێستى دامەزراوەى سەربازى بەرامبەر بە ئيسلام و بزاوتى ئيسلامى لە توركيا 1950-1997، و.بەرزانى مەلا تەها و د.سەلام عەبدولكەریم ، چاپخانەى پەنجەرە ، تاران .

مەجيد,دڵشاد(1995). توركيا لە دووريانى دەسەڵاتى ژەنەڕاڵەكان و دەسەڵاتى سياسييەكاندا ، چاپخانەى رەنگالە ، هەولێر .

ئەحمەد,فەيرۆز و ئەوانى تر(2006). توركيا نەبەرد لە پێناو مانەوەدا، و.خليل بكر محمود و ئەوانى تر، سەنتەرى لێكۆڵينەوەى ستراتيجى كوردستان، سلێمانى.

قادر ,مەهدى محەمەد(2005). پێشهاتە سياسييەكانى كوردستانى عێراق 1945-1958، سەنتەرى لێكۆڵينەوەى ستراتيجى كوردستان ، سلێمانى .

حمە كريم ,هێرش عبدالله(2007 ).پەيوەندييە سياسييەكانى نێوان هەرێمى كوردستان و توركيا(1991-1998 )،مەلبەندى كوردۆلۆجى ، سلێمانى .

زۆجەر ,ئێريك جە ى(2009), مێژووى هاوچەرخى توركيا ، و.د.ياسين سەردەشتى ، چ(2), سلێمانى.

**كتێبە عەرەبييەكان:**

احمد,ابراهيم خليل و اخرون(1987). تركيا المعاصر، دار الكتب للطباعة والنشر ، الموصل .

احمد ,ابراهيم خليل وخليل علي مراد(1992). ايران وتركيا دراسة في تاريخ الحديث والمعاصر، دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل .

محمود ,أحمد عبدالعزيز (2011). تركيا في القرن العشرين، مطبعة رۆژهەڵات، ط1، اربيل.

محمد ,أ.عربي لادمي(2017 ).التحول في السياسة الخارجية التركية تجاه العراق ،سورياوالقضية الفلسطينية 1990-2010 ، المركز الديمقراطي العربي للدراسات الاستراتيجية والسياسية والاقتصادية ، برلين .

سيف الدين ,بيار مصطفى(2009 ). تركيا و كوردستان العراق الجاران الحائيران ،دار الزمان للطباعة والنشر والتوزيع ،ط(1) ، دمشق.

حسن ,جرجيس (1990). تركيا في الاستراتيجية الامريكية بعد سقوط الشاه ، ط1,بدون مكان طبع.

المحامي ,فتح الله(1991). مغامرة الكويت الوجه والخلفية ، ستۆكهولم .

معوض,جلال عبدالله(1998).صناعة القرار في تركيا والعلاقات العربية –التركة ، بيروت .

عيسى,حامد محمود(2002 ). القضية الكردية في تركيا ، مصر .

الغالبي,سلوى سعد(2002). العلاقات العثمانية الامريكية (1830-1918 ) مكتبة مدبولي ، القاهرة .

النعيمي,عبدالجبار عبد مصطفى و آخرون(1993).جمهوريات آسيا الوسطى وقفقاسي الجذور التاريخية والعلاقات الاقليمية، الموصل .

الحسني ,عبدالرزاق(1982).تاريخ الوزارات العراقية ط6 ، ج3، بيروت .

الحربي ,علاء جاسم محمد(2002 ). العلاقات العراقية –البريطانية 1945-1958،ط1، بيت الحكمة للنشر، بغداد.

روبنس ,فليب(1993). تركيا والشرق الاوسط ،ترجمة مخائيل نجم خورى، دار قرطبة للنشر،ط1، قبرص .

احمد ,فيروز(2000). صنع تركيا الحديثة ، ترجمة .د.سلمان داود و د.حمدى حميد الدورى، بيت الحكمة، بغداد.

مجموعة من الباحثين السوفيت (2007). تأريخ تركيا المعاصر، ت/الدكتور هاشم صالح التكريتي ، مؤسسة حمدى للطباعة والنشر، سليماني.

جعفر مجيد(2006). كردستان تركيا دراسة إقتصادية إجتماعية سياسية، مؤسسة حمدى للطباعة والنشر، ط2، السليمانية .

نوالدين,محمد(1997). تركيا في زمن المتحول قلق الهوية وصراع الخيارات ، رياض الريس للطباعة والنشر، بيروت.

نوفل,ميشال(2010 ). عودة تركيا إلى الشرق الآتجاهات الجديدة للسياسة التركية، الدراسات العربية للعلوم ناشرون، ط1، بيروت.

باركي,هينرى و اخرون(2007). القضية الكردية في تركيا ،ت .هفال، مؤسسة موكرياني للبحوث و النشر,ط1 ،اربيل .

**گۆڤارەكان**

**كوردييەكان :**

ماردين,ديجلە( 20079) مەسەلەى كورد لە گوتارى ئۆزال و ئەردۆغان وئاغاردا ،گۆڤارى "دۆسيەى توركيا "، ژمارە( 6).

محەمەد رازاو(2005), زانيارى سەرەتايى سەبارەت بە پرۆژەى باشورى رۆژهەڵاتى ئەناتۆليا ،گۆڤارى "دۆسيەى توركيا" ، ژمارە ( 1 ).

فۆلەر,گراهام و ئەوانى ديكە (2006 ),جيۆپۆلەتيكى نوێ ى توركيا، و. عەتا قەرەداخى، چاپخانەى روون ، چ1 ، سلێمانى.

على ,ئارام(2010), توركۆت ئۆزال رۆلى لە سياسەتى ناوەوە و دەرەوەى توركيا ، گۆڤارى "كلتور " ، ژمارە (1) .

ئنبار ,ئەفرايم(2006), هاوكارى ستراتيجى توركيا-اسرائيل ، گۆڤارى "دۆسيەى توركيا " ، ژمارە (3).

**عەرەبيەكان :**

جاسم ,أفراح ناثر (2007 ), توركوت اوزال و مشروع العثمانية الجديدة، مجلة دراسات إقليمية ، عدد (6).

شيال ,عزيز جبر (2012), العلاقات العراقية التركية الواقع والمستقبل، مجلة القادسية للقانون والعلوم السياسية ،عدد 1، المجلد5 .

الحسني ,عبدالرزاق(1987) ,حلف بغداد لماذا ، مجلة "افاق عربية "، عدد(6).

محمد ,قبس ناطق و هدى هادى احمد مصطفى البياتي (2015), مواقف و سياسات توركوت اوزال حيال المسألة الكردية 1984-1993، مجلة كلية التبية للبنات ، المجلد 26 .

الرئيس التركي تورغوت أوزال يشرح موقف بلده من حرب الخليج ، مجلة الدراسات الفلسطينية ، المجلد 2، العدد(5) ، 1991.

**سەرچاوە ئەلکترۆنیەکان**

اوغوز ,محمد(2010) ,اوزال اقترح على اوجلان تولي منصب رئيس الـوزراء، ترجمـه: عبدالقادر محمد http://www.aknews.com/ar/aknews/4/193297

فنـدى ,رشـيد(2013), مقتـل تورغـوت اوزال بالسـم اصـبحت حقيقـة واقعـة، http://www.kdp.info/a/d.aspx?l=14&a=45123

أوسي ,هوشـــنك(2018), تورغـــوت أوزال الذي تناســاه الأتـــراك والأكـــراد: ، http://www.alhayat.com/article/838009

.

تشـبينار ,عمـر(2018), سياسـات تركيـا في الشـرق الأوسـط بـين الكماليـة والعثمانيـة الجديدة http://www.carnegieendowment.org/programs/arabic

دجلة ,خطيب(2010) ,اوزال اقترح على اوجلان تولي منصب رئيس الوزراء

6http://www.aknews.com/ar/aknews/4/193297

:http://biography.yourdictionary.com7TurgutÖzalFacts2010